# پیاو لۆ خوای برێ

شوان غەمبار

## خەمی خەڵکی

لە شیرین خەویدا بووم ژنەکەم بانگی کردم: دە هەستە ئەو خەوە بووە چ؟ هەستە خەمەکی لەو عالەمەی بخۆ.... ڕاپەریم تورە بووم گۆتم: خەمی چ؟ گۆتی ئەدی جەنابت نارێی ئەمن ڕۆژنامەنووسم... وەڵاهی وەبیلاهی وەتیلاهی سرقیش کێشەی تێدایە، جاران قەلەم و مساحە و موقتاتە دەدرا، چەند سارە نادرێ! مردین هنگی ئەو چشتانە بکڕین- لە مەکتەب کتابی دڕاوومڕاوی دەدەنە تەلەبان و لە بازاڕی ڕەشیش بە ئاشکرا کتابە نوێیەکان دەفرۆشن! خەم لەوە گەورەتر چ بی؟ ئاخر عالەم فەقیرە ئەو هەموو پارەیە لە کێندەرێ بینی؟ ئەگەر پیاو (٦) منداری هەبی، دەبی قوڕی دنیایێ بەسەر خۆیدا بکا، هەندەک خەنی دەبن- هەندەک گەنی دەبی، ئاخر پیاوەکە دە خەمەکی لەو عالەمەی بخۆ، هەر چەندە وەزعی مە لە هەموو عالەمێ خراپترە، (سلێمانی) گۆتەنی: هەموو خۆیان کردووە بە کەڕەی شەربەت) ئاخر گوناح نییە کتابی نورتو نوێ) لە بازاڕی بفرۆشێ و تەلەبەش کتابی دڕاوومڕاوی بدرێتێ؟ دەرێن دوو مەخزەن هەیە، مەخزەنەک لە تەربیەو ئەوی دیش لەبن دیواری قەراتێ.

سۆران کوردپوور





# سۆران کوردپوور

**له (ئەڵمانیا)وه تایبەت بۆ گەپ دەینێرێ**





پاشماوەی خەبەر عاجیل

بۆ بەدوادا راکردن و سەرهەڵبچڕینی ئەو خەبەرە عاجیل و سەرمۆرەی لاپەرە یەک، بە پڕتاو خۆمان گەیاندە بەغدای پایتەخت، بۆ ئەوەی چاوپێکەوتن لەگەڵ برادەراندا بکەین، بەڵام حیمایەکان تەماحیان کردە کامێراکەی دەستمان و بە زۆر لێیان سەندین، وتیان برۆنەوە، خۆمان دوای چەند رۆژێکی تر تەلەفۆن بۆ یەک بە یەکی هاوڵاتیانی عێراق دەکەین! خۆیان حازرکەن بۆ هەڵبژاردنێکی تر، چونکە فەلی کردووەو نەتیجەکەی فعل مەجهوله. خێرا لافیتەو پۆستەرات بدەن بە رادان!!




## خۆت مەشغوڵ بکە.. بەڵام دوای دەوام

ئا: ئوستار رفعەت




**دووربێ لە رووتان بە پانی**

١- لە تایەفەی پرتەقاڵە – بەعزێ لە هونەرمەندەکان بە بێ کچ نایکەن.
٢- (بمدەرێ) بیلامەعنا لە هەولێر- هەر حەموویان یەکن.
٣- گۆڤارێکی کاریکاتێریە خاترو خۆتری تیا نییە .
٤- (من) لە لای ئینگلیز .
٥- مل کەچ – بێ سەرو سۆراغ .
٦- من بە تۆم نییە و تۆش بە من نیتە – بە بەینی شیعەو سوننەوە ناچێ –پ- .
٧- رەقەمێکە –پ- .
٨- دەسبەتاڵەکان لە دەستی دەگرن – نیوەی (پڕ پڕە) – پ- .
٩- حوکمەت لە کوێی میللەتایە؟ – لە ئێران مەرغووبە چونکە مەمنووعە.

**بیلامانێ بە درێژی**

١- وێران – پ - پەقرەنج .
٢- کوت و موت یەکن – بۆ خۆت لە (دۆمینە)دا بۆی بگەرێ .
٣- هیچ فەرقیان نییە- دانە – پ- فەقیر ئەیگوشێ لە برسا.
٤- برای ماستاوە-پ- شانە بە قوت کراوی .
٥- یەک دانە حەرفی ئینگلێزییە-پ- .
٦- چروچاو- (شیکار)ی عەرەب.
٧- فەقیرحاڵ –پ-.
٨- لە (مەریوانێ)دا بۆی بگەرێ- پارچە پارچە بوو.
٩- قاچ و قول + بە شەرواڵی فەقیرەوەیە- بێ قرەو برە .




حلی ژمارەی پێشوو
بۆ ( شێروان شوکر رەشید) دەرچوو

# حەقایەتی لاسیق



کەژاڵ ئیسماعیل
لە(هۆڵەندا)وە تایبەت بۆ گەپ دەینووسێ

دوعا 29

هاورێیەکم یادی بەخێر بە لاستیکی ئەوت – لاسیق – هەر بۆ گۆڵمەز بە حیکایەتیشی ئەوت - حەقایەت ! ئەبێ بابوباپیرانم هێند سافیلکەو خۆشباوەڕبووبن وەک ئەوەی بە هاشوهوشی کابرایەک دەستیان بەلا ملدا کێشابێت و ئەشهەدومابیللا دوای کەوتبن !! سەرقاڵی ئەوەبوم بەو لاسیقەی هاورێکەم ئەو بەشەی حەقایەتی ئەشرەف بسڕمەوە و لەپڕ هەناوم کەوتەخوار، ماڵت ئاوابێ .. دەمێبوو ئاوی زەنجەبیلم نەخواردبۆوە .. ئەرێ چی بووە؟

بۆڵەبۆڵ: کچێ لەباتی جەژنە پیرۆزە بۆ پیاوخراپم ئەکەی، تۆ یەک مانگی ڕەبەق چوبویتە تەوڕی هەبوونەبوو، جا ئەگەر خۆشباوەڕو سافیلکە نەبوینایە بۆ ڕۆژمان بەم ڕۆژە ئەگەیی و بە چەپوڕاستدا وەک لاسیق کێشمە کێشیان پێئەکردین ؟

ورتەورت: جا بەقوربان منەتی ڕۆژووەکەت بەسەر منا ئەکەی ؟ خوابکا وەک کۆتایی هەموو حەقایەتێکی دایکم بە ڕستەی ( منیش هاتمەوە هیچیان نەدامێ ) بۆت نەنوسرابێ، ئەگەر تۆ ١٢ سەعات بەڕۆژوبوبیت ئێمە ١٧ سەعات وەک لاسیق ڕۆحمان تەبەخوریکردبو، نقەشمان نەکرد، مەسەلەی لا سیق و حەقایەتەکەش ڕەبتیان هەیە و ئەتوانین حەقایەتی نامەعقول بەلاسیقی مەعقول بسڕینەوە .

بۆڵەبۆڵ: ئەگەر منیش هاورێیەکی وەک تۆم هەباو مەسەلەی لاسیق لەگۆڕێبایە ئەوا کورتو پوخت نەبوونیم ئەسڕییەوە و پرسیارەکانی بەکەلۆریم بۆ ئەکرێن، دوایش لە زانکۆیەکی ئەهلی موعتەبەر وەک ئەولادی خواپیداوان ناونوسم ئەکردن، جا ئەوسا حەقایەت گەرم ئەبوو .

ورتەورت: ئەرێ بەڕاست واساڵی خوێندنی نوێ دەست پێئەکات، تۆ بڵێی ئەمساڵیش خوێندنگەکان بە کۆڵێ مەنهەج و عیلم و عیرفانی بارەکتێبیەوە بێتەوە مەیدان، ئاییی سەد خۆزگەم بە ڕاستە و قەڵەمی بەینی پەنجەکانی جاران، بەناشکوری نایڵێم ئێستا پەروەردەو فێربونیش بۆتە گەندەڵی و تیجارەت لەسەر حسابی مناڵی فەقیروهەژار .

بۆڵەبۆڵ: دادە گیان تۆ زیرەک بووی، بۆ ئەو تەعزیبە ئەهێنیتەوە بیرمان، ئاخر مەسەلە سافیلکەیی و داماوی خۆمانە بۆیە ئاوا بووین بەمەزەی گەندەڵەکان و تەڕو ووشک پێکەوە جووراوە.

ورتەورت: جا پێم بڵێ چ شتێ وەک خۆی ماوە، تەنانەت سیلەی ڕەحمیش بووە بە پەڕەی سیغار، تۆ بڵێی تەکنەلۆژیا هۆکار نەبێ ؟ ئای بۆ نامە و کارتێکی جەژنە پیرۆزە، ئێستا موناسەبات هەر بە نوکەیەک پیرۆزئەکرێ و بە ئیمەیلێکیش واجبە ئینسانییەکان ساتاروپاتار ئەکرێ .

بۆڵەبۆڵ: ئەو حەقایەتە شمولی من ناکا، نە نوکە بۆکەس ئەنێرم و نە قۆمپیوتەریشم هەیە، خواخوامە پارەی موەلیدەکە مسۆگەرکەم و شتێ لادەم بۆ نەوتی زستان .

ورتەورت: بەمەزەنەی ئەقڵم ئەو مەسەلەیە دەستی ویراسەی تیایە، بە هەردوو حاڵەتەکەش بەسەر خۆمانا ئەشکێتەوە هەم دزو هەم ساحێب ماڵ، جا بۆ تاوتوێکردنی ئەو مەسەلەیە ئەبێ بڵێین هەبوو نەبوو، وەک حەقایەتەکانی حەمەی شوان و بۆ هەڵخەڵەتاندنی خۆشمان لاسیقی هاورێکەم حازرە، تا من ئەیانکوژێنمەوە دوعایە بکە و بڵێین ئامیین .

بۆڵەبۆڵ: ( بۆخاتری حەزرەتی غەوز .. نەگەینە ئەوەی لەداخی چەوتوچێڵی پیاوخراپان، خۆمان بکوژێنینەوە و نەبینە حەقایەتی دەم ناحەزان ).

بەزمی ڕۆژ





# ئەمەل حەیاتی



کەریم مودەریس
تایبەت بۆ گۆڤ دەینووسێ

هەندێ، یان دوو هەند لەخەڵکی حەزی زۆریان بەوەیە شت بەکوردی بکەن و، بە پەتی قسە لەسەر وەزع بکەن، کەچی زۆرجار ئاگایان لەوە نییە بەپای پەتی کەوتوونەتە ناوی و وەک شێت و هاروهاج دەست لە مومتەلەکاتی گشتی ئەوەشێنن، ئەم صنفە ئەمەلی زۆریان بە ژیان هەیە، وەها دەسەسڕیان لەبن ڕاخستووە وا ئەزانن ئاوی ئەمەلیان خواردۆتەوەو بە لەزگەیەک تاریخە کۆنەکەیان لابردووە، کە تا گەییوەتە کوردستان کەلعادە ئێکسپایەربووە، لەسەریان نووسیوە ئەمە صەنعەتی دوو مانگ لەمەوبەرە!
ئەگەر لەبەر خاتری ئەوان ئەم ئەمەلە بکەین بەکوردی فەورەن وەزعەکە ئەگۆڕێ و لە (مێ)وە ئەبێتە نێر، چونکینێ ئەمەل بە تەرجەمە ئەبێتە هیوا، کە مێش، واتە (مێ ئەوسا (شین)ەکە بێت، ئەگین بەیەکەوە بەو مێشە ئەخوێندرێتەوە کە لەزۆرینەی ئەو شوێنانەی عەریزەی فوقرولحالیان تێدا عەرز ئەکرێ و بەهەزەلیات ئەخوێندرێتەوە میوان نییە) واتە کە ئەمەل بوو بەهیوا واتە بوو بە نێر ئەوسا لەعەمەل ئەکەوێ و دەستی بەرئەبێ، یەعنی بەهیچ نەوعێک لەئەنواعی حیللەو حەواڵە دەستی ناگاتە هیچ پەنجەرەیەک و دەبێ شانۆگەرییەکە لە نەشرەی ئەخبارا ببیسێ، چونکینێ زۆری نەماوە لەبەر مەسەلەی ئێکسپایەر تاریخی صەنعەتەکەی بگۆڕێ.
کەلسوم گۆرانییەکی یەک سەعاتیی بەناوی ئەمەل حەیاتی هەیە و بەسەر ئەمەلدا هەڵئەدات، کەچی ئەوانەی بەڕێز چەپڵەیان بۆ لێئەدا لەسەرەمەرگدا یەکێکیان لەوێ نەبوون، ئەوانەیشی ئەیانوت: قوربانی دەنگت بین هەمووجاریش دەسەسڕیان ئەبرد بۆ سڕینی فرمیسکەکانیان و ئامادە نەبوون یەک سانییە لەتەمەنی خۆیانی پێ بدەن.
ئەمەل لەم زەمانەیەدا تەواو کۆنترۆڵی ماڵ و بازاڕی کردووە، فەقیر ئەمەلی بەوەیە لەو فیلقیرە دەربازی بێت و بگات بەئاستی کەسێک پێی بڵێین: بەشەر! ئەویتریان بەهیوای ئەوە ئەژیێن دەفتەرەکانی زاوزێ بکەن، بەڵام زاوزێیەک وەک (ئەگێن)ی کۆمپیوتەر تەلار بە دەفتەر دروستبکات، ئەوسا بیری لێدەکاتەوە ئاخۆ قرقێنە بێنێتەوە یان نا!؟
نووسەرێک لەملاوە ئەمەلی بەوەیە تەنها قسەیەکی بیگرێ و کونێک بگرێ و نەبادا لەمەولا کە باران باری ئاو بچێتە بن باخەڵی ئەو خەڵکەی لەسەر گوێی هاوین نووستوون و خۆیان بۆ شیرەی هەوری زستان حازر نەکردووە، خوێنەریش لەلاپەڕەیەک ئەگەرێ و بڕیارێکی تێدا ببینێ پاشەڵەکان پینە بکەن، وەلحاصل هەرکەسەو بەدوای ئەمەلێکدا ئەگەڕێ، بەبێ ئەوەی کەس بیر لەوە بکاتەوە ئەمەل ئەگەر هاتەدی ئیترخەڵک بێ هیوا ئەمێنێتەوە، کە بێ ئەمەلیش بوو ئیتر بەهیوای چییەو، بژیێ هەر ئەوەشە ژیان نایەڵێ روبعی هیواکانمان بێتەدی چونکینێ ئەگەر هاتنەدی وەک وتمان ژیان مەعنای نامێنێ!




دواکاتێر